# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
## لە دەرەوەی وڵات 1984 -1998

## (7) بەرەو مرۆڤی گەردوونیی، بەرەو کۆمەڵگای گەردوونیی
## چەند تێبینییەکی سەرەتایی

[یەکەمجار لە لەندەن لە گۆڤاری هەڵوێستدا لە ساڵی 1984 دا بڵاوکراوەتەوە.
**************

بەشی یەکەم

(1)
مرۆڤایەتی مرۆڤ، راستییەکی(ئۆنتۆلوجی)یە، لەناو بوونی مرۆڤ خۆیداحەشاردراوە.
مرۆڤایەتی مرۆڤ، لە هەل و مەرجی پێویستی پەیدابوونی ژیانی مرۆڤ و بەردەوامبوونی ئەو ژیانەدا، خۆی دەردەبڕێ.
مرۆڤ تاکە بوویەکە بەرلەوەی ، خۆی وەك تاك، بتوانێ ڕێگای ژیانی خۆی دیاری بکا بۆ ماوەیەکی درێژ پێویستی بە بەخێو کردن و ئاگاداریی و پەروەردە هەیە.
مەمکپێدان، پۆشیین، پاراستنی لە مەترسیی، لە نەخۆشیی، داڵدەو باوەشی گەرم، بەرگریی لە ساردیی و گەرمیی، لە کەوتن وبریندار بوون، عەتف و سۆزی دایك، لایلایە و ئێشکی شەوانی، سۆز و خۆشەویستی خوشك و برا، راهاتن لەسەر دەوروبەری مرۆڤانە، هۆگربوونیی کۆمەڵایەتی، زمانپژان، قسە فێربوون، فێربوونی داب و نەریت و رەوشت و رێو ڕەسمی کۆمەڵایەتیی، شێوەی هەڵسوکەوت لەناو خێزاندا، لەگەڵ دراوسێدا، لە

گەڕەکدا، فێرکردن لە قوتابخانە ، وەرزش، راهێنان و شارەزاکردنی لە زانست و هونەرو سنعەت.....هتد....
ئەمانە هەمووی دەبێ بۆ منداڵی شیرە خۆرە تا دەگا بە قۆناغی پێگەیشتن ئامادە بکرێ.
ئامادە کردنی ئەمانەش پێویستی بە هیلاکی و ئەرك و چاوپۆشی لە ئیسراحەت و تەنانەت پێویستی بە لە خۆ بوردن و قوربانیش هەیە.
بەڵام مرۆڤ ، بەشێوەیەکی سروشتی و بەهەستی خۆشەویستییەوە، ئامادەی ئەو ئەرك و قوربانیانەیە.. چونکە مرۆڤەو لەبەر ئەوەی مرۆڤە، ئەم ئامادەیی یە- ئیختیارێك نییە لەبەر دەمیدا بەڵکو پێویستییە، پێویستییەکی حەتمی، پێویستی مانەوەو بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤ خۆی.
بەکورتی، هەل و مەرجی سەرەتایی مانەوەی ژیان، ئامادەیی مرۆڤە بۆ ئەرك و رەنج و قوربانی لە پێناوی کەسانی تردا.
گیانلەبەرانی دی، هەموویان لەم رووەوە، لە مرۆڤ جیان.
ئەوان هەر لەگەڵ لە دایکبوونیان، دەتوانن ، بەپێی نەخشەیەکی زگماکی سنووردار هێزو وزەی ژیانیان بەکار بێنن. بەرخ و کاریلەو گۆلك و جوانووە ئەسپ، بۆ نموونە ، هەر لەگەڵ لە دایك بوونیان، دەکەونە سەرقاچ و بازدان و ، پێشوازیی ژیان.
بێچوە پەڕەسێلکە، هێشتا چاو نەپشکوتووە، بەڵام هێلانەکەی تێك نادا. بەڵام ئەم ئامادەیی یە زگماکییە، یەکسەرییە، تەنها چوارچێوەیەکی تەسك بە ژیانی گیانلەبەر، دەبەخشێ.
لەدەرەوەی ئەو چوارچێوە تەسکەدا کە دەوروبەر دیاری دەکا، گیانلەبەر ناتوانێ تەواو خۆی لەگەڵ زرووفدا بگونجێنێ ، ناتوانێ زرووف بۆ پیویستییەکانی خۆی بگونجێنێ.
ئەم (بەهێزیی) یەی سەرەتا، بێهێزیی و کەمبڕکردنی گیانلەبەران دیاری دەکا. ئەوان پێویستیان بە (پەروەردە) نییە، چونکە پەروەردەی ئەوان، لە چوارچێوەی نەخشەی زگماکی سنووورداری بوونیاندا، حەشار دراوە.. پەروەردەی ئەوان ، لە جوغزی هەلو مەرجێکی بایۆلوجی نەگۆڕدا، کۆتایی دێ.

مرۆڤ تاکە بوویەکە کە لە کاتی لە دایك بوونیدا دەگریا، هاوار دەکا، ئەمە هاوارو بانگی مرۆڤایەتییە.
نیشانەیەکە، کە ئەوانەی لە دەوروپشتی مرۆڤن، لە زمانی ئینسانی ئەو تێدەگەن... باوەشی خۆشەویستیی بۆ دەکەنەوە.. بە پێکەنین و زەردەخەنەوە پێشوازیی گریانەکەی دەکەن، دەیخەنە ناو ئامێزی سۆزو هەستی دەروون و ویژدانەوە.

بەڵام گەر گیانلەبەرێك، لەکاتی لەدایك بوونیدا هاواری لێ هەستێ، ئەوا حەیوانی لە خۆی دڕندە تر پێی دەزانن و، پارچەپارچەی دەکەن.. دەبێ بە نێچیری لە خۆی بەهێزتر.
ئەمە یاسای جەنگەڵە.

بەڵام گریانی منداڵ یەکەم ناونیشانی ناسنامەی مرۆڤایەتییەتی.

سەرەتای ماوەیەکی دووردرێژی سۆزی ئینسانییە: باوەشی گەرمی دایك، شیری مەمکی، شەونخوونی شەوانی، بەتەنگەوەهاتن و ئەرك و چاودێریی ڕۆژانی،.... هتد. ماوەیەکی دوورو درێژ، کەتێیدامرۆڤی حەیوان- دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤی ئینسان، مرۆڤی خاوەن هەست و بیرو ویژدان.

لەم بێهێزییەی سەرەتاوە بەهێزیی مرۆڤ دەست پێدەکا.

ئەم بێهێزییەی سەرەتا دەیسەلمێنێ کە مرۆڤ بێ هێز نییە،

بەڵکو هێزێکی مەزنی لە بن نەهاتووە: هێزی مرۆڤایەتی خۆی، هێزیی کۆمەك و هەرەوەزیی، هێزی بنیاتنانی پێکەوەی ژیانی مرۆڤانە.

ئەم هێزەیە کە بۆ مرۆڤ دەلوێنێ لە حەیوانێکی سەرەتاییەوە ببێتە بوویەکی گەردونی.
ئەم هێزەیە کە بۆ مرۆڤ دەلوێنێ لە حەیوانێکی غەریزەیی یەوە ببێتە مرۆڤی خاوەن سۆزو هەست و عاتیفە و ویژدان.

ئەم هێزەیە کە بۆ مرۆڤ دەلوێنێ لە تاکەکەسێکی دەستەوستان و بێدەسەڵات بەرامبەر هێزی سروشت، ببێتە مرۆڤێکی کارزان و هونەرزان و سنعەتکارو بەرهەمهێنەر، بۆی دەلوێنێ ببێتە سەرداری سروشت نەك کۆیلە. بۆی دەلوێنێ شارستانێتیی دابمەزرێنێ و ڕێبازی گەردوونێتیی خۆی بگرێتە بەر.

هۆشیاریی گیانلەبەر تەنها غەریزەکەیەتی ، غەریزەکەشی پڕ بەپێستی ئەو ژیانە تاك ڕەوە سنوور تەسکەیە کە تەبیعەت پێیبەخشیوە. هەر حەیوانێك وەك هەڵسوکەوتێکی سنووردار، لە ناو جوغزێکی تەسکدا، لەچوارچێوەی ئامانج و ئارەزوویەکدا کەلە خواردن و خواردنەوەو خۆ سەرف کردن تێپەر ناکا، وەك تاکێك دەژی، تاکە یەکێك، چەشنێك، لە نێو ملیۆنەها چەشن و تاکی تردا، خۆی هەر خۆیەتی، پەیوەندی بە جیهانەوە تەنها بە شێوەیەکی غەریزەی سەرەتایی بۆ مانەوەیە.

هیچ حەیوانێك ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ژیانی حەیوانی تر، تێیان بگا، بیان ناسێ، پەیوەندی ئامانجدار لەگەڵیاندا پەیدا بکا، تا ئەو ڕاددەیە نەبێ کە غەریزە، وەك پێداویستی مانەوە، بۆی دیاری دەکا...

ئەم جۆرە پەیوەندییەش، زۆربەی جار، پەیوەندی نیچیرخوازانەیە...
ناوەڕۆکی یاسای جەنگەڵە.

مرۆڤ- بەپێچەوانەوە، بەهۆی ئەوپێکهاتن و کامڵ بوونە تایبەتییەوە کە لە ڕێگای پەرەسەندنی سروشتی و مێژوویی هەزاران ساڵە بە دەستی هێناوەو لە ڕێگای ژیانی بە کۆمەڵییەوە، دەتوانێ هەر زوو لە غەریزەوە بگوازێتەوە بۆ هۆشداریی، بۆ تێگەیشتنی جیهانی دەورو بەر، لە تاکێتی و لە هەموویی دا، لەگشتێتی و ڕەنگاوڕەنگییدا.
مرۆڤ حەیوانێکی تاکە، لەهەمان کاتیشدا حەیوانێکی گەردوونییە.
ئەو لە خۆی، لە چوارچێوەی ژیانی غەریزەیی خۆی تێدەپەڕێ و دەچێتە جیهانەوە، هەموو حەیواناتی تر دەناسێ، هەموو شتێك لەبووندا دەناسێ، خاسێتەکانیان تێدەگا، ناویان دەداتێ، لێیان دەکۆڵێتەوە، وەریان دەگرێ، بۆسەرخستن و پێشخستنی ژیانی خۆی بەکاریان دەهێنێ، ناوەوەیی یان دەکا . واتە لە زمان و هۆش و سایکۆلۆژییەتی خۆیدا دروستیان دەکاتەوە، کەسایەتی و جۆری ژیانی بەردەوام پەرەدەستێنێ، بەبێ سنوور-بەبێ کۆتایی بەرەو جیهانی گەردوونیی.

## 2. پەروەردەی مرۆڤی ئازاد، مرۆڤی گەردوونی

مرۆڤ، هەر مرۆڤێکی تاك، دەشێ ببێتە مرۆڤی گەردوونی، مرۆڤی هەزاران ژیان، ژیانی هەر زیندەوەرێك تاقی بکاتەوە، لە نێو ئاودا، لە ئاسماندا، لە سەهۆڵبەستەڵەکدا، لە گەرمە بیاباندا، لەچیادا، لەژێر زەمیندا، لەسەر مانگدا، لە ئەستێرەکاندابەرەو جیهانی گەردوونی، بەرەو بێ کۆتایی.
بەڵام هەر لەو کاتەشدا ، دەشێ مرۆڤ هەر بە حەیوانیی بمێنێتەوە، یان لە ڕێگای حەیوانێتییەوە پەرە بستێنێ، دەشێ لە چوارچێوەی خاسیەتە حەیوانییەکان تێپەڕ نەکا ، لە لەوەڕو خەوو حەسانەوە زیاتر نەزانێ، دەشێ ببێتە دڕندەیەك، دڕندایەتی هەموو حەیوانەکان لەخۆیدا کۆبکاتەوە ، دەشێ ببێتە دەعبای سەد سەر.

بەڵام ئێمە دەبێ لێرەدا لەگەڵ موچرکەیەك کە بە لەشماندا دێ، هەڵوێستەیەك بکەین دەبێ چاو بە پێناسەکانماندا بگێڕینەوە... دەبێ وشەو ناوەکان بەوردی بەکار بێنین.
ئەم بەرەی دوایی ، بەرەی( مرۆڤی) دڕندە، مرۆڤ نین. ناوی مرۆڤ تەنیا وەك( گریمان) یان (خواستەمەنی) بەکار دێنین.
منالێك تا چ ڕادەیەك ئامادەیە بە دەمتەوە پێ بکەنێ، بێتە باوەشتەوە، ماچی بکەی و هەست و سۆزی مرۆڤانەی لەگەڵ بگۆڕییەوە، تا چ ڕادەیەکیش ئامادەیە گەر جەقۆیەکی بدەیتێ بە ورگی منداڵێکی هاوڕێیدا بکا.؟!

لە کاتێکا منداڵ هەڵوێستی یەکەم بە شتێکی سروشتی و هەڵقوڵاوی خاسییەتی مرۆڤایەتی خۆی وەردەگرێ، بۆ هەڵوێستی دووەم زۆر بە دەگمەن و تەنیا لە حاڵەتی (نا ئاسیی)، (وەك شێتیی، پەروەردەی زۆر ناتەواو.. هتد) بەدەنگتەوە دێ.
بەواتایەکی دی، حاڵەتی یەکەم یاسایە، یاسا و دەستووری سروشتی مرۆڤایەتییە، حاڵەتی دووەم، شاز و نائاساییە.
دیارە هەلومەرجی سەرەکیی، بۆ مرۆڤایەتی مرۆڤ، بۆ گەیشتنی مرۆڤ بە پلەی گەردوونێتی: پەروەردەیە، پەروەردەی درووست.
پەروەردەی درووست: پەروەردەی کۆمەڵایەتییە، ژیانی کۆمەڵایەتییە، تێگەیشتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێداویستییەکانی مرۆڤی کۆمەڵایەتییە بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤی گەردوونیی.
پەروەردە هەنگاو بە هەنگاو، قۆناغ بە قۆناغ، پلە بە پلە تەواو دەبێ. پەروەردە رێگا خۆش دەکا، مرۆڤ لە تاکە ژیانێکی رووتی حەیوانییەوە، ژیانی گەدەوگیپاڵ، تێپەڕکاو دەیان جۆرە ژیانی نوێ بژی: لە ئێستادا، لە رابردوودا، لە داهاتوودا، کات و شوین بخاتە ژێر دەستییەوە، خواستی خۆی بەسەر ڕۆژگاردا بسەپێنێ.
پەروەردە ئێستگەیە، ئێستگەی بەیەکگەیشتنی نەوەکان.
ئێستگەی بەخێر هاتن و ماڵ ئاوایی، ئێستگەی گۆڕینەوەو ئاڵ و گۆڕکردنی بیرو ئەزموون و پرۆژە.
پەروەردە ئێستگەیە، ئێستگەی بەیەکگەیشتنی تاك و هەموو، کەس و کۆمەڵ.
لە میهرەجانی ئەم پێکگەیشتنەدا خەڵك یەکتری دەناسن ، لە یەکتری دەگەن،
گۆرانی هاودەنگ دەڵێنەوە، پەیوەندی رۆحیی دروست دەکەن، شوناسنامەی مرۆڤایەتی وەردەگرن.
پەروەردە ئێستگەیە، ئێستگەی پێکگەیشتن و تێکەڵاوبوونی بەرژەوەندییەکانی تاکەکەس و ئاوات و خواست و ئارەزۆکانی، لەگەڵ هەل و مەرج و دەوروبەری کۆمەڵایەتی و دابینکردنی ئەو بەرژەوەندیی و ئاوات و خواستانە.
مرۆڤ هەر مناڵەو لەئامێزی گەرمی دایکیدایە، کە تێدەگا دڕندە نییە، کە خواستە ئینسانییەکانی لە بنەڕەتدا کۆمەڵایەتین، بەهاوکاری و هەرەوەزیی و هاوسۆزیی و کۆمەکی هەموو دابین دەبن.
ئەم جۆرە چاوکرانەوەیە ، ئەم جۆرە فامکردنەوەیە، ئەم جۆرە تێگەیشتنە: لەدایکبوونی هۆشە: هۆشی ئینسانیی، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، هۆشی دژ بە دڕندەگەرێتی غەریزەیی.
پەروەردە ئێستگەیە ، ئێستگەی بەیەکگەیشتن و هاوڕێبوونی ئازادیی تاکە کەس و هەل و مەرجە کۆمەڵایەتییەکانی نەش و نماکردن و گەشەکردنی درووستی ئەو ئازادییە.

دایك و خێزان ، وەك یەكەم قوتابخانەی منداڵ، قوتابخانە وەك دووەم خێزانی منداڵ، كۆمەڵ، وەك خێزانی گەورەو قوتابخانەی گەورەو هەمیشەیی منداڵ، نابێ ببنە بەندیخانە، نابێ ببنە هۆ و ئەداتێك بۆ چاوترسێنكردنی منداڵ، بۆ بە خۆداشكاندنەوەی منداڵ، بۆ داپڵۆسینی ئارەزووەكانی، بۆ تەمێكردنی، بۆ پەستاوتنی لەناو جوغزو قاوغی یاساكانی باوی كۆمەڵ، بۆ دروستكردنی وەك مرۆڤێكی هۆشتاڵانكراوی دەستەمۆی گوێ ڕایەڵ بۆ سیستەمی كۆمەڵایەتی، بۆ یاسای چینی فەرمان بەدەست.

پەروەردە نابێ سنوور بۆ ئازادیی دابنێ، نە لە ئامادەكردنی هەلومەرجی پێویستی كۆمەڵایەتی بۆ گەشەسەندنی ئازادیی، چاوپۆشی بكا.

ئازادیی مرۆڤ بەبێ هەل و مەرجی كۆمەڵایەتی دابین نابێ. ئازادیی مرۆڤ بەڕەڵایەتی درندەیی نییە.

ئازادیی مرۆڤ، پشكوتنی هەست و سۆزی مرۆڤایەتین، گەشەسەندنی هۆشیاریی كۆمەڵایەتییە، پەرەسەندنی بەهرەو توانستەكانی لەش و میشكێتی بەبێ كۆتایی.

ئازادیی مرۆڤ تێكشكاندنی سنوورو دیوارەكانی نێوان مرۆڤ و مرۆڤە، نێوان مرۆڤ و كۆمەڵگای مرۆڤایەتی، مرۆڤی ئێستاو مرۆڤی گەردوونی، تێكشكاندنی دیوارە ئاسنینە ژەنگاوییەكانی نێوان كۆمەڵێك و كۆمەڵێكی تر... نەتەوەیەك و نەتەوەیەكی تر.. ڕەگەزێك و ڕەگەزێكی تر، ڕەنگێك و ڕەنگێكی تر. پەروەردە دەبێ ئەو دیوارانە لە ناو بیری مرۆڤایەتیدا ورد و خاش كات. دەبێ ئاسۆی بەربلاوی كۆمەڵگای گەردوونی بكاتەوە.

پەروەردە دەبێ یەكەم ئێستگە بێ كە تێیدا منداڵ سواری شەمەندەفەری ژیان دەبێ... تا هەموو شتێ ببینێ، هەموو شتێ تاقی بكاتەوە، هەموو شتێ ببیسێ، هەموو شتێ فێر بێ، بە ئازادیی خواستی خۆی، بە هاوەڵیی لەگەڵ هەزاران ڕێبواری تردا كە هاوڕێ و هاومەنزڵ و هاوچەرەنووسی ئەون.

پەروەردە دەبێ لە منداڵ بگەیەنێ كە نەك تەنها ئەو پێویستی بە كەسانی دیكەیە، بەڵكو كەسانی تریش، پێویستییان بە ئەوە، لەمەوە كەسایەتیی خۆی دارێژێ، بیر و باوەڕی خۆی هەڵێنجێ، هێز و توانینی داهێنەرانەی بخاتە كار.

قوتابخانە، بۆ داپڵۆسین و ژاكاندنی چرۆكانی بیر و خواست و ئارەزووی منداڵ نییە. بەڵكو بۆ ئاودان و پەروەردەكردنی ئەو چرۆیانەیە. قوتابخانە دەبێ منداڵ رابێنێ ئازادانە بدوێ، ئازادانە كار بكا، ئازادانە خواست و بەهرە و لێهاتوویی خۆی بدۆزێتەوە.. ئازادانە سەرنجی ژیان بدا، لێیەوە فێر بێ و نهێنییەكانی دەرك پێ بكا، فێری وورد بوونەوە و تێڕامان و، ورد كردنەوە و لێكدانەوە و شیكردنەوەی دیاردەكان بێ، فێری پرسیار كردن بێ هەزاران پرسیار، فێری گەڕان بێ بە شوێن وەڵامدا، سەدان وەڵام. فێری لێكدانەوەی ڕاست و چەوت بێ، فێر بێ بۆ خۆی بڕیار بدا ڕاست چییە و چەوت كامەیە.

خۆشەویستیی ئازادی، گرێکی بێ ئامانە، لە ناو دەروونی مرۆڤدا کڵپە دەسێنێ. پەروەردە (کۆمەڵ، خێزان، ڕژێم) نابێ ئەو گڕە دامرکێنێتەوە، چونکە لەگەڵ دامرکاندنەوەی ئەو گڕەدا گەوهەری مرۆڤایەتیش دەکوژێتەوە. مرۆڤ ناتوانێ، پێستی دڕندەگەرێتیی فڕێ دا، ناتوانێ ببێتە مرۆڤی گەردوونیی.

پەروەردە دەبێ بەشێوەیەکی هێمن، هەلومەرجی کار پێکردنی (پراکتیسی) ئازادی دابین بکا، تا ئەو ئازادییە، لە بەرەلاییەکی حەیوانییەوە، واتە ئازادی بەکارهێنانی هێز و بازو بۆ کوشتن و برین و چەوساندنەوە، بگۆڕدرێ بە ئازادییەکی ئینسانیی، ئازادیی بە مانا کۆمەلایەتییە مێژوییەکەی، ئازادی بیر کردنەوە و لێکدانەوە و کار کردن و داهێنان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای گەردوونیی.

مرۆڤی سوپەرمان، مرۆڤی جەنگەڵ، مرۆڤی (نیچە)یی، ناتوانێ ببێتە مرۆڤ، ناتوانێ سەرەتا سادەکانی بوون بە مرۆڤ بەدەست بێنێ جا چ بوون بە مرۆڤی گەردوونی!

مرۆڤی نیچەیی، سوپەرمانی بۆش، عەودالی هەوەسێکی خەیاڵییە، هەوەسی بەرز تر بوون لە مرۆڤ خۆی، لە مرۆڤایەتی خۆی، لە مرۆڤی کۆمەلایەتی خۆی، لەسەر حیسابی کوشتنی مرۆڤ و ژێر پێدانی مرۆڤایەتی و هارینی ڕەوشت و بەهای مرۆڤی کۆمەلایەتی.

مرۆڤی نیچەیی، شایانی ناوی مرۆڤ نییە. بوویەکی دڕندەیە، بێچووە عەزیایەکە لە سەدە تاریکەکانی جەنگەڵەوە هاتووە و لە ناو ورگی سەرمایەدا نەش و نمای کردووە.

ناتوانین ڕێڕەوی درووست بوونی مرۆڤی گەردوونی لە ڕێڕەوی پەروەردە و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی تاك جیا بکەینەوە.

بەخۆڕایی چوونی هەر ساڵێك لە تەمەنی مرۆڤ، بۆشاییەکی گەورە لە دروستبوونی گەردوونییانەی مرۆڤ بەجێ دێڵێ. منداڵ باوکی مرۆڤی گەردوونییە. گەنجێتیی ئەو باوەشە گەرمەیە کە مرۆڤی گەردوونی تێیدا چاو پشکووتوو دەبێ. قۆناغی پێگەیشتن، پیاوەتیی و ژنێتیی، ئەو قۆناغەیە کە مرۆڤی تاك شوناسنامەی گەردوونیی وەردەگرێ.

ئەمە گەر پەروەردە دروست و پڕ بە پێستی پێویستییەکانی پێگەیاندنی مرۆڤی گەردوونی بێ.

پەروەردەی مرۆڤی گەردوونی پەروەردەیەکی هەمەلاییە. بە نیازی دابین کردنی نەش و نما کردنێکی تەبا و گونجاو: هاوتەبایی سۆز و عاتیفە و هێزی لەش و توانستی مێشك و بیر کردنەوە و حەز و ئارەزوو، ڕەوشتی کۆمەلایەتی ساغ و دوور لە دووڕوویی و دووفاقی و بەجێگەیاندنی دەوری مێژوویی. پەروەردەی مرۆڤی گەردوونی پەروەردەیەکی دایلەکتیکییە: پەروەردەیەکە لە سەر زەمینەی تێگەیشتنی ناکۆکییەکانی ژیان و سروشت و گەردوون داڕێژراوە. مرۆڤی گەردوونی ئەنجامی تاقیکردنەوەی هەمە جۆر و جیاوازە:

گەرمی و ساردیی، تێریی و برسێتی، خۆشیی و ناخۆشیی، ئازار و لەزەت، سەختیی و سادەیی...هتد.
پەروەردە دەوری سەرەکی هەیە لە گۆڕینی مرۆڤی نیمچە حەیوان بە مرۆڤ و ئەوسا بە مرۆڤی گەردوونی. بەڵام پەروەردەی هەر مرۆڤێکی تاك لە لایەن مرۆڤانی دیکەوە، لە لایەن کۆمەڵ و ڕژێمەوە، ئەنجام دەدرێ. لێرەوە ئێمە بڕیاردانی ڕێڕەوی ژیان و چارەنووسی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە باس دەکەین.

## (3) مرۆڤی تاك  و کۆمەڵ و مێژوو

مرۆڤی تاك، بەتایبەتی لە کۆمەڵگاکانی ئێستای مرۆڤایەتیدا ناتوانێ خۆی بڕیاری ڕێژییانی خۆی بدا، ناتوانێ خۆی لە ڕێگای پەیوەندی ڕاستەوخۆو ئازادانەوە لەگەڵ ژیان و کۆمەڵ و سەردەمەکەیدا خۆی پەروەردە بکا.. تەنانەت کاتێك لە قۆناغێکی پێداویستی بایلۆجیش دەردەچێ و نیمچەهوشیارییەك و کەسێتییەکی تاکیش بەدەست دێنێ. چونکە کاتێك بیردەکاتەوەو ئەو هوشیارییە بەدەست دێنێ کە دەبێ خۆی وەك دەیەوێ بڕیاری چارەنووسی خۆی بدا، ئەوەی چوارچێوەو ناوەڕۆکی هۆشیارییەکەی دادەڕێژێ، ئەو ڕەگەزە ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژیانەن کە کۆمەڵەکەی و رژێمە فەرمانبەدەستەکەی لە مێشکیدا چاندوویانە.
تەنانەت بوونی ئەوو شوناسنامەی ئەو وەك مرۆڤ واتا ڕاددەی مرۆڤایەتییەکەی، ڕاددەی دەربازبوونی لە پێست و ویستی مرۆڤی جەنگەڵ لە لایەن کۆمەڵەکەیەوە دیاری کراوە: پەروەردەی ناو خێزان ، قوتابخانە ، ژیانی کۆمەڵایەتی ، هەل و مەرجی دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان، بەرەورووبوونەوەی ڕۆژانەی لەگەڵ بیرو باوەڕو نەریت و رەوشت و بایەخی باوی کۆمەڵەکەی و تەنانەت، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی، هۆیەکانی پەخش و ڕاگەیاندنی سەردەمەکەشی...هتد.
بۆیە بڕیاردانی چییەتی پەروەردەو دابینکردنی هەل و مەرجی پێویست بۆ فەراهەم کردنی، گرنگترو لە پێشترە لە بڕیاردانی چۆنێتی پەروەردەکردنی مرۆڤ.
پەروەردەی هەر نەتەوەیەك ، بە میرات ، بۆ نەوەیەکی تر دەمێنێتەوەو لەوێشەوە بۆ نەوەیەکی دواتر... بەم جۆرە بەبێ پچڕانێکی ڕادیکالی ، هەر نەوەیەك لەناو لانکەی پەروەردەی نەوەی پێشوودا چاوی دەکاتەوە.
خۆ تا زیاتر بە ڕابووردوودا شۆڕبینەوە و سەرنجێکی بیریی زانستیی لە بابەتەکانی پەروەردە بدەین ، دەبینین مرۆڤ زیاترو زیاتر لە مرۆڤی جەنگەڵ ، بیرکردنەوەی مرۆڤی جەنگەڵ و ڕەوشت و هەڵوێستی مرۆڤی جەنگەڵ نزیك دەبێتەوە.

(مێژوو) لە زووربەی کاتدا ، ئەو چوارچێوەیەیە ، کە ئەم جۆرە بیرو ڕەوشت و هەڵوێستە دەگرێتە خۆی.
هەر نەتەوەیەك شانازی بە مێژووی رابووردوویەوە دەکا.... بابەتی شانازییەکە لە زوربەی کاتدا ، دەریای خوێنی ڕژاوە.... کوشتنی مرۆڤە لەلایەن مرۆڤەوە ، بەم جۆرە ڕق و کینە و هەستی تۆڵە و میراتی تاوان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی بەجێ دەمێنێ ، مرۆڤ ناتوانێ لە گوێ ڕایەڵ کردن بۆ بانگەوازی جەنگەڵ دەرباز بێ مرۆڤ ناتوانێ وەك مرۆڤی گەردوونی بیر بکاتەوە ، ناتوانێ هێزی مێژوویی خۆی لە ئاسۆی ڕوونی داهاتوو وەرگرێ ، کۆمەڵی گەردوونی کۆمەڵگای مرۆڤی گەردوونی ، دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا نەخشەی پەروەردەیەکی گەردوونی دابنێ.
ئەوەی نەخشەی پەروەردەی گەردوونی دیاری دەکا ، دەبێ یەك باوەڕی ناوەندی سەرەتایی بێ.
مرۆڤ چ وەك تاك ، چ وەك مرۆڤایەتی ، بۆی هەیە ببێتە مرۆڤی گەردوونی. لە ناو بوونی هەر مرۆڤێکی تاکدا ، توانست و بەهرەو خواست و مرۆڤایەتی مرۆڤی گەردوونی حەشار دراوە..
هۆشیاری گەردوونی کۆمەڵگای مرۆڤ ئەمڕۆ گەیشتۆتە پلەیەك بۆو کۆمەڵگایە دەلوێنێ زۆر بە خێرایی ببێتە کۆمەڵگایەکی گەردوونی.

## 4. پاشەرۆژی مرۆڤی گەردوونیی

ئەمڕۆ لە قۆناغێکی پێشکەوتنی شارستانیداین کە هەموو هەل و مەرجێکی پێویست وەك بابەت و وەك هوشیاریی ، بۆ پەروەردەو پێگەیاندنی مرۆڤی گەردوونی ، بۆ بازدان بۆ کۆمەڵگای گەردوونی لە ئارادایە ، بەڵام ئەوەی ئەم ڕاستییەی شاردۆتەوە ئەوەیە کە بە ڕواڵەت ، بە حوکمی هێزەکانی- سەرەوە- لەگەڵ هێزو تینی ئەو هەموو هەل و مەرجە ڕەخساوانەشدا هێشتا پەروەردەو یاسای مرۆڤی جەنگەڵ باوە.
هەلومەرجی گواستنەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ کۆمەڵێکی گەردوونیی تەواو ئامادەیە ، مرۆڤایەتی تەنها پێویستی بە بازدانێکە هەلومەرجی ئەو بازدانەش کە ئەنجامی ڕێڕەوێکی مێژوویی چەند هەزار ساڵەدا پێگەیشتووە.
ئەوەی لە نێوان مرۆڤی ئەم سەردەمەو مرۆڤی گەردوونیدا وەستاوە ، تەنها دیوارێکە ، دیوارێکی یەکجار سەخت ، بەڵام درزی داوە ، بەرە ورمان دەڕوا ، ئەو دیوارە دیواری سەرمایەدارییە . بە درێژایی مێژوو ، هەر هەوڵێکی سەرەتایی بۆ دروستکردنی مرۆڤی گەردوونی، چ لە ڕێگای پێشکەشکردنی بیرو پەروەردەی نوێوە چ لە ڕێگای کرداری

شۆڕشگێڕانەوە درابێ، هێزی سەرمایە دای پڵۆسیوە. هەلومەرجی دروست بوون و سەرکەوتنی مرۆڤی گەردوونی لە ڕێڕۆی بەربەرەکانی نێوان هێزی سەرمایەو هێزی شاراوەو بێدەنگکراوی گەردوونێتی مرۆڤدا خۆی پێگەیاندووە.
بەڵام بە بەندکردنی مرۆڤ لە ناو چوارچێوەی خواستی جەنگەڵ دا سەرمایە نەیهێشتووە مرۆڤ خۆی شان بە شانی پەرەسەندنی بابەتی جیهانی دەرەوە، واتا پەرەسەندنی زانستی و تەکنۆلۆژی و ئایدیایی پەرەبستێنێ. هێشتنەوەی مرۆڤ وەك مرۆڤی جەنگەڵ لەوەوە بەدی هاتووە ، کە سەرمایە وەك بایەخێك لە خۆیدا ، وەك تاکە بەها ، بەرزترین و بە هێزترین (بەها) تاکە پێوانەی هەموو بەهایەکی ئینسانی خۆی سەپاندووە بەمە بۆتە هۆی هەرە گەورەو سەختی هێشتنەوەی جەوهەری مرۆڤی جەنگەڵ.
بە ڕمانی هێزی سەرمایە ، بە ڕوخانی یاسای سەرمایە، یاسای جۆری هەلسوکەوت و بیرکردنەوەی جەنگەڵیش لە ناو دەچێ ، مرۆڤ لە دواترین و دژوارترین کۆسپی ڕێگای گەیشتنی بە کۆمەڵگای گەردوونی ، رزگار دەبێ.
سەرمایە مرۆڤی جیهانی سەرمایەداریی کردۆتە مرۆڤی یەك لایەن، مرۆڤی گەدە. مرۆڤی هەڵپەو نەوس. سەرمایە سۆزو جۆشی مرۆڤایەتی کوشت، شیعری کوشت، هونەرو مۆسیقای کوشت ، جوانی کوشت، پەروەردەی شێواند، مرۆڤایەتی کرد بە ڕواڵەتێکی ساختە، یاسای جەنگەڵی کردەبەرزترین و باوترین یاسا.
هێزی سەرمایە پێشکەوتنی زانستی لەو ڕێبازە لادا کە زەمین بکاتە بەهەشتی مرۆڤ و بنکەی دەست بە سەرا گرتنی گەردوون ، بەڵکو هەموو هێزێکی زانستی و تەکنەلۆژی ، تەرخان کردووەو تەرخان دەکا، بۆ داهێنان و داکردنی چەکی مرۆڤ- قڕان .
سەرمایە مرۆڤی تاکی کردە ناحەزی کۆمەڵ، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردە بیابانی غوربەت، مرۆڤی تاکی لەناو سێبەری خۆیدا بەند کرد، بینایی بەرەو پشتەوە ئاوەژوو کرد، دەروونی کردە گەرای کرمە سایکۆلۆژییەکان، مێشکی کردە مەیدانی پراوەی ئەبستراکت، دڵی کردە نەرجسیەتیکی زەرد، کەسایەتی کردە ئاوینەی شیزوفرینیا.
سەرمایەداریی ، لەژێر سەرپۆشی کۆمەڵگای شارستانیدا ، هەوڵی داوەو هەوڵ دەدا ، کە جۆرە مرۆڤێك دروست بکا ، لەهەمان کاتدا ، مرۆڤی جەنگەڵ و ، مرۆڤێکی ئایدۆلوژی و – میکانیکی ، و مرۆڤێکی یاساییە. مرۆڤی جەنگەڵ. کە باوەڕی بە یاسای جەنگەڵ هەیە : یاسای بەشی شێر ، یاسای قوتدانی بچووك لە لایەن گەورەوە، یاسای بکوژەو ببڕەو بژی، یاسای سوپەرمانی (نیچە).
مرۆڤی ئایدیۆلۆژی ، مرۆڤی هۆش دامالڵدراو ، مێشك شۆراوە، کە بە شیروشەکری زمان و رەوشت و بەهای سەرمایە بە خێو کراوە، ناتوانێ بیرکردنەوەی خۆی لە چوارچێوەی (قەدەری) بیر کردنەوەو یاسای چینی سەرمایەدار تێپەڕ بکا. بەناوی (پسپۆڕی) یەوە ،

دەیان کۆچەو کۆڵانی گومڕاکەرانەی بۆ دروست کراوە، هەموو بیرکردنەوەو (خۆ دەربڕینێکی) جوینەوەی ئەو وشەو پەیڤ و زاراوەو بابەتانەیە کە لە قوتابخانە فێریان بوە ، یان لە رادیۆو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو گۆڤارە زەردەکاندا بیستونی و خویندونیەوە.
ئەم جۆرە پەروەردەیە کردوویەتی بە مرۆڤێکی میکانیکی، کاردانەوەیەکی ئالی هەیە.... کۆمەڵێك (نا) و کۆمەڵێك (بەڵێ) ی ئامادەیە بۆ بەرەورووبونەوەی ئەو هەڵوێستانەی لەگەڵ سایکۆلۆژیەتی میکانیکی ناوەوەی رێکناکەون، یان رێکدەکەون. (ئەنجامەکان) گەرچی لە شێوەی نەگبەتی و کوێرەوەریی و بێئیشیی و ژیانی خۆشیدا بێ، وەك (قەدەر) و یاسای سروشت تێدەگا و ناتوانێ هۆ و (پێشینەکانیان) بدۆزێتەوە. هەرگیز باوەری بە خەبات و کاری شۆڕشگێڕانە نییە. بۆ ئەوەی بژی دەبێ (کار) بکا... بەڵام بیر لە (چەشنی) کار و (مانای) کار ناکاتەوە.... گەرچی (کار) مانای چەوساندنەوەیە بۆ قازانجی (سەرمایەدار)... سروشتی کارەکەش میکانیکییە، (ئیش) هەموو خۆشیی و جوانییەکی هونەریی و لەزەتی کاری هەرەوەزیی لێ داماڵدراوە. کرێکار بورغویەکە لە بورغوەکانی مەکینە، جێگەی (رۆبۆت) دەگرێتەوە، تا ئەو کاتەی (رۆبۆت) جێگەی ئەو دەگرێتەوە و بێ ئیش دەکەوێتە گۆڕێ. هەموو خۆشی و مانای ئیش تەنیا خۆی لەو کرێیەدا کۆ دەکاتەوە کە  کرێکار هەفتانە وەری دەگرێ. واتە داماڵینی زۆربەی کاتی تەمەنی لە مانای ژیان، خۆشیی ژیان، گۆڕینی بە ڕۆتینێکی میکانیکی وشك و بێ مانا، بۆ خاتری ئەو (پارەیە)یە کە لە (ئیشە)کەی وەری دەگرێ. ئاستی ژیانیشی هەر بەو پارەیە حوکم دەدرێ. خۆ گەر کرێی (کرێکار) بە شێوەیەکی گشتی باڵا بوو، ئەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، بەپێی یاسای سەرمایە، ئەوە دەگەیەنێ، کە ئاستی ژیانی باڵایە، کە مرۆڤ بەختیارە، پارە زۆر وەردەگرێ، زۆر سەرف دەکا، زۆر دەخوا!! بەڵام ئەو تەمەنەی لە رۆتینی کاردا بە خۆڕایی دەڕوا، ئەو هەست و سۆزە ئینسانییەی ئەو رۆتینە دەیکوژێ، چش، هەزاران چش، لە پێناوی سەرمایەدا.
بۆ ئەوەی ئەم بارە باو بێ، دەبێ حوکمی یاسا باڵا بێ، هەر مرۆڤێکی تاك دەبێ مرۆڤێکی یاسابەند بێ، لە چوارچێوەی یاسای سەرمایەدا بجووڵێتەوە و سەری بۆ شۆڕ کا، یاسای دەوڵەمەند، یاسای هێشتنەوەی رژێمی سەرمایەدار. ئەو یاسایەی سێبەری خوایە و، رەتکردنەوەی کفر و تاوان و گوناهە.
بەڵام ئەمانە هەمووی، لەسەر دەمی ئێستاماندا، فۆرمن.
فۆرمێکی ئایدۆلۆژین بە زەبری هێزی سەرمایە، هێزی دەست بەسەراگرتنی مافی ئیش کردن و ژیان، هێزی تۆقاندن و ترساندن و بەندکردن و ریسوا کردن.. هتد بە سەر مرۆڤدا سەپێندراون. لە ژێر ئەم فۆرمانەو لە ناو جەرگەی ناکۆکییەکانی سەرمایەدا ، لە چوارچێوەی جیهانی بەربەرەکانی مرۆڤی جەنگەڵ و مرۆڤی گەردوونییدا، بزوتنەوەی

مرۆڤی گەردونی تین و تاوی سەندووە. لەناو جەرگەی کۆمەلایەتی سەرمایەداریی خۆیدا کۆمەلانی خەلك زیاترو زیاتر هوشیار دەبنەوە، زیاترو زیاتر بەهای سەرمایە ، یاسای سەرمایەو خوای سەرمایە نەفرەت لێ دەکەن . پینەو پەڕۆ لەمەودوا سوود نابەخشێ. رەنگکردنی دەم و چاوی گلاوو شەیتانی سەرمایە بە رەنگی دیموکراسی و ئازادیی و سەربەخۆیی تاکەکەس و مافی مرۆڤ و جیهانی ئازاد ، داد نادا .. هەموو فێلەکان ئاشکرابوون، هەموو پلانەکان پووچ بوونەوە..
ئەمرۆ ، رێڕەوی دروستبوونی کۆمەلگای گەردوونی ، لە دوا قۆناغی دا یە بەلام وانەبێ بڕینی ئەم دوا قۆناغە هەروا کارێکی سانا بێ.
لە کاتێکدا ، ئەمڕۆ مرۆڤ لە هەموو کاتێك زیاتر لە سەرکەوتنی یەکجاری نزیك بۆتەوە، تووشی گەورەترین هەڕەشەش بووە.
هەڕەشەی هێزی سەرمایە، هەڕەشەی مرۆڤی جەنگەل، هەڕەشەی لەناوبردنی مرۆڤ و کۆتایی هێنان بە ژیان و شارستانیەت.
مرۆڤایەتی بە ئازار، بە خۆێن، بە فرمێسك، بە ڕەنج ، بە کاروانی ملیۆنەها قوربانی لە نەتەوەو کۆمەلی جیاواز ، لە سەرانسەری دنیادا بە درێژایی مێژوو ، قۆناغ بە قۆناغ ، هەنگاو بە هەنگاو ، بەرەو دروست کردنی جیهانی گەردوونی بەرەو پێشەوە چووە.
خەباتی مرۆڤی چەوساوە: کۆتایی بە کۆیلایەتی هێنا، کۆتایی بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی هێنا، کۆتایی بە جیاوازی ڕەگەزپەرستی هێنا ، ئازادی تا ڕادەیەك بۆ ژن و چینی کارگەر بە دەست هێنا.
بەلام هەر کاتێ مرۆڤایەتی خەریك بووە ئەم رێڕەوە پتەوبکاو بیکاتە یاسای ژیان و بازدانە مێژوویی یە، یەکجارییە، دواجارییەکەی بەرەو مرۆڤی گەردوونی بە دەست بێنێ، مرۆڤی جەنگەل، مرۆڤی (سوپەرمان)، مرۆڤی سەرمایە و قازانج و خۆێن، بە بەرپاکردنی شەڕی تەماع ، شەڕی کۆیلە کردن ، شەڕی خێرو سامان تالان کردن ، شەڕی بازاڕ بەدەست هێنان، شەڕی کۆلۆنیالیزم، شەڕی جیهانیی، مرۆڤایەتی لە خۆێندا نقوم کردووە ، جیهانی شارستانێتی کردوەتە کاولگە.
بەلام هەر شەڕێك تێشکانێکی تازەی مرۆڤی جەنگەل، مرۆڤی سەرمایەو ئیمپریالیزم بووە ئەگەر بە حیسابی جوگرافیاش نەبێ ، بە حیسابی مێژوو.
هەر شەڕێك، شەپۆلی بێ وێنەی هۆشیار بوونەوەو ، تێگەیشتنی سروشتی سەرمایەداری و ئامادە بوونی کۆمەلانی خەلکی بۆ خەبات و بەرەنگاریی ، بەرپا کردووە.
مرۆڤایەتی زیاترو زیاتر لەو ڕاستییە حالی بووە کە ئەوەی لە نێوان مرۆڤ و کۆمەلگای گەردوونی مرۆڤ وەستاوە خوای سەرمایەو یاسای سەرمایە و ، هێزی سەرمایەیە. بانکەکان ، مەلتینەشنالەکان ، ئای ، ئیم ، ئیف ، نیزامی ئابووری سەرمایە داریی

جیهانی ، خوا – دولار. له هەر شوێنێکدا خوێن بڕژێ ، نرخی جیهانیی دولار بەرز دەبێتەوە . له هەر شوێنێکدا هەراو ناکۆکیی و مەترسیی جەنگ هەبێ ، نرخی دولار بەرز دەبێتەوە ، خوێن زامنی هێزیی دولارە.
بەڵام خوێنی میللەتان. خوێنی ڕەش و ڕووت و بێ تاوانان که بەدەستی (گرۆکانی) مەرگ دەڕێژرێن. ئەمرۆ ئەم ڕاستییانه ئاشکراو ئاشکراترن.
میللەتان چاو کراوەن.
تەنیا هێزی سەربازیی و عەسکەریکردنی دەیان وڵاته ، که هێزی مێژوو ، هێزی ڕاپەڕینی یەکجاریی ، هێزی مرۆڤی گەردوونی بە شێوەیەکی ماوەکی (موءقت) ڕاگرتووە...
ئەم ڕاپەڕینه دەتەقێتەوە.
زنجیرەی گەلانی چەوساوە یەك لە دوای یەك ئازاد دەبن.
ئاشتی و دیموکراسییەت له جیهاندا ڕێگا بۆ چەسپ بوونی کۆمەڵگای گەردوونی خۆش دەکەن.
کۆمەڵانی خەڵك و ڕای گشتی ئەورووپاش زیاترو زیاتر لەم ڕاستییە نزیك دەبنەوە، زیاترو زیاتر ئینسانییەتی خۆیان لەم ڕاستییەدا دەدۆزنەوە، زیاترو زیاتر دووڕوویی و ساختەیی و درۆزنی درووشمەکانی (دیمۆکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ)ی هێزی سەرمایەدار ، هێزی جەنگەڵ تێدەگەن، زیاترو زیاتر بۆیان دەردەکەوێ ، حوکمی دولار ، حوکمی سەرمایه تەنیا خوێن ڕایگرتووە .. ئەم خوێنەش دەشێ پێوە بچێ ، دەشێ هەموو دنیا بگرێتەوە.
زیاترو زیاتر مەترسی گۆڕینی ئەورووپا بە مەیدانی جەنگێکی نیوترۆنی دنیا قران هەست پێ دەکەن . ئەو دەنگ دانەوەیەی فلیمی ڕۆژێك دواتر (The day after) بەرپای کرد ئەم ڕاستییە دەردەخا. دەیان ملیۆن ئەم فلیمەیان بینی، چەندەها ووتووێژ و دەمەتەقێی دەربارە کرا.
بەڵام هێشتا دەزگای ڕاگەیاندنی سەرمایەداری توخنی ناوەڕۆك و پەیامی فلیمەکه نەکەوتن.
دکتۆرەکه له فلیمەکەدا، دەگەڕێتەوە (ماڵەکەی).. کۆمەڵێك ئاوارە لەوێن. هاوار دەکا ئەمە ماڵی منە، له ماڵی من بچنه دەرەوە، دوای وێران بوونی دنیاش (ماڵی من) له مێشکی دکتۆردا ماوە.
ئەو هەموو کارەسات و لاشه و ئاگرە ئەو بیرەی له مێشکدا نەسڕیوەتەوە. ئاوارەکان بە بەزەییەکی سڕەوە سەیری دەکەن.. یەکێکیان بەرە ڕووی دەچێ دەستی لە مل دەکا.
ئەم بیرەی دکتۆر سەرەتا و کاکڵەی کارەساتەکەیە.
ماڵی من.. ملکداریتی تایبەتی و نائینسانیی کردنی ئینسان و ژێرپێدانی هەست و سۆزی نەتەوایەتی.. بنیاتی ناوەوەی سەرمایەداری پێك دێنن.

جەنگ لە بنچینەدا، بۆ پاراستنی ئەو ملّکداریی و بەرژەوەندییە تایبەتییەیە، بۆ پاراستنی سەرمایەی خوێناویی.
بەڵام دوو ڕووی و ساختەییەکە لە دروشمە ئایدۆلۆژییەکاندا دەردەکەوێ، دوای قڕانەکە یەکەم ڕاگەیاندنی سەرۆك کۆماری ئەمریکی دەڵێ: (سوپاس بۆ خودا، ئەمریکا ما، ئەمریکا پەیامی خۆی بۆ بەرەڤانی کردن لە دیموکراسی و جیهانی ئازاد بردە سەر... هتد). بەڵێ دیفاعکردن لە دیمۆکراسی و جیهانی ئازاد، بە شەرعی سەرمایەو ئیمپریالیزم، ژێرپێدانی دیموکراسیەتە لە جیهاندا، قڕانکردنی مرۆڤایەتییە، بۆ خاتری پاراستنی هێزی سەرمایە و دەسەلاتی ئیمپریالیزم.
ئەم فلیمە، هێشتا خەیاڵە، بەڵام دووریش نییە لە واقیعەوە. ئەمڕۆ لە ئاستی ئەو هۆشیارییە گەردوونیەی سەرانسەری دنیای گرتۆتەوە، هێزی سەرمایە، مرۆڤی جەنگەڵ، ترسی لێ نیشتووە، هەست بە دڵەکوتێی مەرگ دەکا. هیچ ڕێگایەکی دەرباز بوون شك نابا. چونکە لە ڕێگای کوشتن و بڕین و وێرانکاری بەو لاوە هیچ ڕێگایەکی تر ناناسێ، هیچ بیرێك لە مرۆڤایەتی ناکاتەوە چونکە لە سەرمایە بەولاوە هیچ خوایەکی نییە، لە تەماع بەولاوە هیچ ویژدانێکی نییە. هیچ لە مێژوو فێر نەبووە و فێر نابێ چونکە لە قازانج بەولاوە هیچ ئاینێکی نییە. بۆیە مەترسی جەنگی نیوترۆنی لە سروشتی مرۆڤی جەنگەڵ بە دوور نییە.
مرۆڤی جەنگەڵ بە تەنگەوەیە کە تا ئەو پەڕی هێزی هۆش و زانست بەکار بێنێ. بەڵام عەقڵ بە کار دێنێ بۆ تالان کردنی عەقلی جەماوەر، تکنۆلۆجیا بە کار دێنێ بۆ داماڵینی مرۆڤایەتی مرۆڤ، دیمۆکراسی بە کار دێنێ بۆ سەپاندنی حوکمی دیکتاتۆری سەرمایە، ئازادیی بە کار دێنێ بۆ شێواندنی ناوەرۆکی ئازادیی و کۆیلە کردن و چەوساندنەوەی مرۆڤ بە بیانووی نەتەوە و کیشوەر و ڕەنگ و ڕەگەز و چینی کۆمەلایەتی.
تەنیا لە کۆمەڵگای گەردوونیدا، هۆش و زانست، دەوری سروشتی خۆیان لە خزمەتکردنی پێشکەوتنی مرۆڤدا،بەدست دەهێننەوە، مرۆڤ، مرۆڤایەتی تەواوی خۆی بەدەست دێنێتەوە، گەشتی سەرووی زەمین دەست پێ دەکا. نهێنییەکانی گەردوون دەدۆزێتەوە. ئاڵوگۆڕ، لە تەمەن و شێوەی مردن و ژیاندا، بە قازانجی مرۆڤ دەکا. کۆتایی بە دەرد و نەخۆشیی دێنێ، برسێتیی و هەژاریی ناویان لە ناودا نامێنێ و دەبنە وشەی فەرهەنگە کۆنەکان.
لە کۆمەڵگای گەردوونیدا مرۆڤ یەکێتی عەقڵ و عاتیفە و ئارەزوو بەدەست دێنێ. هۆش پێشکەوتنی مرۆڤ و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی عەقلانی زامن دەکا. عاتیفەی مرۆڤایەتی و هاوسۆزیی و خۆشەویستی نێوان کەسان و گرۆکان لەو پەڕی دا دەبێ، بنەمای یاسای

جەنگەڵ و دوو ڕوویی و دووفاقی سەرمایە و چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە، دادەڕمێ.
مرۆڤی تاك، دەتوانێ لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵە عەقلانییە ئینسانییەدا، بە شێوەیەکی سروشتی و عادەتی و لەگەڵ دەرکەوتنیان لە قۆناغەکانی تەمەنیدا پێویستی و ئارەزووەکانی دابین کا.

پێگەیشتنی مرۆڤی گەردوونی و درووست بوونی کۆمەڵگای گەردوونی خەون نییە. خەیاڵ نییە. یوتۆپیا نییە. ڕێڕەوێکی مێژووییە. حەتمیەتێکی مێژووییە. ڕاستییەکی مێژووییە کە ئەگەر تۆزێ بە گەشبینییەوە بیر لە داهاتوو بکەینەوە و سەرنجی ئێستا بدەین، دەتوانین هەستی پێ بکەین.
پێغەمبەران لە سەرەتاوە وەك مرۆڤی گەردوونی لە دایك بوون. بانگەوازەکەیان بانگەوازێکی گەردوونییە. هاوارێکی دژ بە یاسای جەنگەڵە، دژ بە یاسای سەرمایەیە. دژ بە کۆکردنەوە و داکردنی زێڕ و سامانە. دژ بە فسق و فەسادی پارەدار و دەسەڵاتدارانە. دژ بە چەوساندنەوەی بێ هێزە لە لایەن هێزدارەوە.. موژدەی کۆمەڵگایەکی گەردوونییە کە جیاوازی ڕەش و سپی، هەژار و دەوڵەمەند، دەسەڵاتدار و دەستەوستانی تێدا نابێ.
بۆیە یەکەم سەرەتا و یاسای کۆمەڵگای گەردوونی، یەکەم بیری جیهانی گەردوونی، یەکەم بەهای مرۆڤی گەردوونی دەبێ هەر ئەو یاسا و بیر و بەهایە بێ، کە مرۆڤایەتی هەر لە کۆنەوە، لەسەر زمانی پێغەمبەران دەری بڕیوە، ڕێز گرتن و بە پیرۆز گرتنی ژیانی مرۆڤ.
بۆ ئەوەی مرۆڤ، ببێتە مرۆڤی ڕاستەقینە دەبێ لە پێشەوە ڕێزیی ژیانی مرۆڤ بگرێ، بە پیرۆزی دا بنێ. دەبێ کوشتنی مرۆڤ، کۆتایی پێهێنانی ژیانی مرۆڤێك لەلایەن مرۆڤێکی ترەوە، لە لایەن کۆمەڵەوە و لە لایەن هەر دەسەڵاتدارییێکەوە، تەنانەت، وەك بیرێکی رووتیش بدرێتە دواوە و قبووڵ نەکرێ. دەبێ کوشتنی یەك مرۆڤ، وەك کوشتنی مرۆڤایەتی لێك بدرێتەوە. کوشتنی یەك مرۆڤ بەهەر بیانوویەك بێ، ڕەگەز، ڕەنگ، نەتەوە، سیاسەت، هەڵەی کۆمەڵایەتی..، وەك کوشتنی مرۆڤایەتی وایە.
واتە لە کوشتنی هەر مرۆڤێکدا ، مرۆڤی گەردوونی ، هەست بە کوشتنی ، بەشێك لە مرۆڤایەتی خۆی دەکا.
کوشتنی مرۆڤ ، کوشتنی بیری مرۆڤی گەردوونییە.
بەرەوا دانانی کوشتن ، وەك بیرکردنەوە ، وەك یاسا ، پاشماوەی میراتی جەنگەڵە.
ڕێزگرتنی ژیانی مرۆڤ و سڕینەوەی بیری لەناو بردنی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە... ئەمە ئەو سەرەتا بنچینەیی یە کە دەبێ ، لە بیردا ، لە بیرکردنەوەدا ، لە پەروەردەدا ، لە

هونەردا ، لە پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتیدا ، لە پەیوەندی نێوان نەتەوەکانی جیهاندا ، بچەسپێنین .

بە چەسپاندنی ئەم سەرەتا گەردوونییە ، هێزەکانی جەنگەڵ خۆیان ئاشکرا دەکەن.. چونکە ئەم سەرەتایە ، هەرگیز مانای هێشتنەوەی وەزعی باو نییە.. ئەم سەرەتایە دژی سەرەتای ئازادیی ناوەستێ، بەڵکو هەلومەرجی سەرەتای ئازادیی، واتە پراوەی ئازادانەی ئازادیی لە لایەن مرۆڤەوە پێك دێنێ .

پراوەکردنی ئازادیی، وەك مەرجی سەرەکی درووستبوونی مرۆڤی گەردوونیی ، بەسراوەتەوە بە بەدیهێنانی (ئاشتی) لە جیهاندا، ئاشتی ئەبەدی، هەتا هەتایی. ئاشتییەك کە نەك تەنها شەڕ، بەڵکو بیرەوەری شەڕو بیری شەڕو مێژووی شەڕیش بسڕێتەوە، مێژووی مرۆڤایەتی سەر لە نوێ بنووسێتەوە، ئەم جۆرە ئاشتییە لە یەك کاتدا هەل و مەرج و ئەنجامی کۆمەڵگای گەردوونییە، بازدانی دوایی و یەکجارەکی مرۆڤایەتی بەرەو ئاشتی، بازدانە بەرەو جیهانی گەردوونی، ئەمەش بەبێ ڕووخاندنی دیواری سەرمایە، مەکینەی جەنگ ، یاسای مرۆڤی جەنگەڵ ، نایەتە دی.

ئاشتی گەردوونیی مانای نەهێشتنی نەك شەڕو بیری شەڕ، بەڵکو وەکو مەرجێکی پێشینی ئەم مەبەستە، نەهێشتنی هەموو جبەخانەکانی چەك و کارخانەکانی چەك درووست کردنە.

کوشتنی مرۆڤ ، هەر کوشتنەو ، هەر تاوانەو ، هەر کوشتنی مرۆڤایەتی و بیری مرۆڤی گەردوونییە ، چ بە چەکی نیوترۆنی بێ ، چ بە تانك و تەیارەو بۆمب و شێستیر ، چ بە لە سێدارەدان و جەزرەبەدان . بۆیە دەبێ دروشمی ئاشتیخوازان لە ناو بردن و تواندنەوەی هەموو جۆرە چەکێك بێ.. وەستاندن و ڕاگرتنی هەموو جۆرە کوشتنێك بێ . تەنیا ئەم جۆرە دروشمەو ، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ، بۆ ئاشتیخوازان دەلوێنێ بە ڕاستی بەر پێی خۆیان ببینن و حاڵی ببن ئاشتی و شەڕ لە کوێوە دەست پێ دەکەن و لە کوێ کۆتاییان دێ.

لە کۆمەڵگای گەردوونیی دا هەموو تفاقێکی شەڕ لە ناو دەبردرێ. کارخانەکانی چەك، لە بچووکەوە تا گەورە، دەکرێنە کارگەو تاقیگەی زانستی بۆ بەکارهێنانی باشتری سەرچاوەکانی سروشت و نەهێشتنی برسێتیی و نەخۆشیی و نەزانین و ، درووستکردنی بنکەی تکنۆلۆجی مەزن بۆ دۆزینەوەی ئەستێرەکان و دەست بەسەراگرتنی گەردوون.

سەرەتاگەی دووەمی بیری کۆمەڵگای گەردوونی: هەڵوەشاندنەوەی دابەشکردنی جوگرافی و لەمەوە ( جیوپولیتیکی) ، جیهانە.

یەکێتی مرۆڤایەتی ، یەکێتی کۆمەڵگای گەردوونی : یەکێتی خاکە.

سەر زەمین نیشتمانی مرۆڤە... هەموو ئەو دابەشکردن و کەرت و لەتە جوگرافییایانەی سنووری خوێن و ئاگریان بۆ کێشراوە پاشماوەی مرۆڤی جەنگەڵن. بەبێ یەکێتیی خاك ، یەکێتی سەر زەمین، یەکێتی سەرچاوە ئابورییەکان، یەکێتی مرۆڤی گەردوونی بەدی نایە.

هەموو یەکێتییەکی نەتەوەیی کە سنووری جوگرافی بەهانەی بۆ درووست کردووە ، شەرعییەتی خۆی لە دژایەتی ( یەکێتییە نەتەوەییەکانی ) چوارچێوە جوگرافییەکانی دیکە وەردەگرێ...... هەمووشیان بە دژایەتی و دوژمنایەتی نێوانیان ، لە شیکردنەوەی دواییدا ، خزمەتی یاسای سەرمایە و بازرگانەکانی جەنگ و بازارەکانی چەك دەکەن.

مرۆڤ ڕۆڵەی زەمینە ، نەژادی مرۆڤ بە تێکڕایی لەم سەر زەوییەدا هاوبەش و هاوچارەنووسن.